# مافەکانی منداڵان لەنێوان دروشم و دەستەبەرکردنیاندا

**زۆرجار هێما بۆ ئەوە دەکرێ کە هەموولایەک دروشمی گەورەی «نەوەی دوارِۆژیان» بۆ منداڵان هەڵگرتووە، بەڵام هەنگاوەکان هێشتا لەسەرەتادان و کارێکی ئەوتۆ بۆ منداڵان و دابینکردنی مافەکانیان نەکراوە، بۆیە دەگوترێ منداڵان وەک نەوەی دوارِۆژ لەنێوان دروشم و دەستەبەرکردنی مافەکانیاندا ماونەتەوە. گوڵان لەم ڕاپۆرتەدا ڕێکارەکانی ئەکتیڤکردنی هەنگاوەکان لەپێناو بەدیهێنانی مافەکانی منداڵان لەسەر زاری هاووڵاتیان دەخاتەڕوو.**



### بەشی منداڵان تەنیا ناونیشانە

جیهانی منداڵانیش لە کێشە و گرفت بەدوور نییە، عومەر فەرهادی، کە نووسەر و ڕاگەیانکارێکی بەئەزموونی کوردستانە سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «ئەوەی من بەدیدەکەم، چی لەبارەی نەوەی دوارِۆژ گوتراوە، تەنیا قسەی زل و دروشم بووەو ئەزبەریان کردووە، واتە لەڕووی پراکتیکەوە کاری بۆ نەکراوە، ئەوەشی کراوە، تەنیا ئەو لایەنە پەیوەندیدارانە کردویانە کە هەر خۆیان لەڕووی ماددیە سوودمەند بوون، بۆیە بەداخەوە منداڵ و گەنجانی ئێمە بە کوڕ و کچەوە تا ئێستاش لە هەموو مافەکانی خۆیان بێبەش کراون. ئەوەش لە حاڵێکدایە ئێمە گەنجی زۆر بەهرەمەندمان لە هەموو بوارەکانی ئەدەب و هونەر و وەرزش و پیشەی جیاجیا هەیە، بۆیە گەر حکومەت و حزب و ڕێکخراوەکان بەڕاستی مەبەستیانە دوارۆژی ڕۆڵەکانمان ڕۆشن بێ، دەبێ کاری جددی لەسەر بکەن و تەنیا لە رۆژی جیهانی منداڵ، یان لە بۆنەیەکی تایبەتدا یەك دوو دروشمی بریقەدار بۆ منداڵان بەرجەستە نەکەن.

### پەرلەمان و حکومەت پڕۆژەیان بۆ مافەکانی منداڵ هەیە

پەرلەمانتار تارا تەحسین جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان لە پەرلەمانی کوردستان، رایوایە گەرچی مافەکانی منداڵان لە هەرێمی کوردستان دەستەبەر نەبووە، بەڵام پەرلەمان لەو بوارەدا پڕۆژەی خۆی هەیە و هەر لەوبارەیەوە وتی «ڕاستە لە هەرێمی کوردستان تا ئاستێك مافەکانی منداڵ پەراوێز خراوە، بەڵام ئێمە وەکو لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی مشووری ئەوەمان خواردووە و لە ئێستادا پڕۆژەیاسایەکی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی منداڵ لەلایەن دە ئەندام پەرلەمان پێشکەش بە لیژنەکەمان کراوە، ئێمەش راپۆرتی خۆمانمان لەسەر نووسیوە، هەروەها پڕۆژەیەکی تریش لە حکومەتەوە پێشکەشی پەرلەمان کراوە، کە بەهەماهەنگی ڕێکخراوی یونیسێف

و ڕێکخراوەکانی دیکەی تایبەت بە مافی منداڵان ئامادە کراوە، ئەو پڕۆژەیەش گەیشتووەتە ئەنجومەنی وەزیران، بڕیارە دوای بودجە هەردوو پڕۆژەکە یەك بخرێت و ببێتە پڕۆژەیەکی تێروتەسەل و بیخەینە بەرنامەی کاری پەرلەمان لە نزیکترین دەرفەتدا».

**نابێت حکومەت منداڵانی سەر شەقام بە قەدەر بسپێرێت**

لانە ئامانج کە شاعیر و ڕۆژنامەنووسێکی گەنجە پێشنیار دەکات « گەر حکومەت جددی بێت لە دەستەبەرکردنی مافی منداڵ ئەوا دەبێت منداڵانی سەر شەقام و منداڵانی بەر کاری سووك و قورس بەسەر بکاتەوە، نابێت حکومەت منداڵانی سەر شەقام بە قەدەر بسپێرێت، پێویستە بە پەلکێشکردنیان بۆ ناو خولە زانستی و پیشەییەکان دواڕۆژیان دابین بکات».

یاساناس هێڤی جۆلاش، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «بەردەوام دروشم و وشەکان گەورەترن لە کردارەکان، نەوەی دواڕۆژیش دروشمێکە کە منداڵانی ئێمەی نوقمی دنیای خەیاڵ کردووە، هەمیشە لە چاوەڕوانی ئەوەدان گەورە ببن و بگەن بەو دواڕۆژەی کە وێنەی کێشراوە، بەڵام بەڕای من ئەم دروشمانە منداڵانی ئێمە ناگەێنێتە ڕۆخی رووباری خەونەکان، بۆیە دەبێ دەستبکرێت بە جێبەجێکردنی ئەو دروشمانە، پێویستە ئامادەکاری بکرێت بۆ منداڵان کاتێك دەگەنە ئەو دواڕۆژەی چاوەڕێین، ئەو داهاتووە بێت کە خەونیان پێوە دەبینی، پێویستە کار لەسەر منداڵان بکرێت لە سەرجەم لایەنە دەروونی پەروەردەییەکانەوە بەوردی نەك هەر ساڵەو بە بەرنامەیەك بە جۆرێك سەر لە منداڵان بشێوێنین، گرنگە زەمینە خۆش بکرێت بۆ بەدیهێنانی خەونەکانیان تا منداڵان بتوانن وێنەی ئەو دواڕۆژە بکێشن بۆ خۆیان کە دەیانەوێت، لە ساڵێکدا تەنیا ڕۆژێك بەس نییە بۆ بەسەرکردنەوەی منداڵان و لەبەرچاو گرتنی مافەکانیان، لەبری ئەوەی فرمێسك بڕێژین بۆ منداڵێکی پێخاوس با بە هەمووومان جووتێك پێڵاوی بۆ بکرین».

**ڕێکخراوەکانی منداڵپارێز چییان بۆ منداڵ کردووە؟**

رزگار کۆچەر، ڕاگەیانکارێکی چالاك و دیارە و بەهۆی پێشکەشکردنی بەرنامەی (زووم ئین) و کارە مەیدانییەکانی زۆر شوێن گەڕاوەو ئاریشەی جۆراجۆری زۆری بینیوە. کاتێك ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە کراوە، کە بۆچی منداڵان وەك نەوەی دواڕۆژ لە نێوان دروشم دەستەبەرکردنی مافەکانیاندا ماونەتەوە؟ لەوەڵامدا وتی «پێش هەموو شت دەبێت لەم هەرێمەی خۆمان سنوورێك بۆ دروشم هەڵگرتن دابنرێ، چونکە دروشم و کردار دوو شتی جیان، پاشان لە کوردستان دەیان ڕێکخراوی منداڵپارێزیمان هەیە، کەس نازانێت چییان بۆ منداڵ کردووە، بۆیە دەبێت ئەو پرسیارە ئاراستەی ئەوان بکەین». ڕزگار بە ئەرکی حکومەتی دەزانێت کە «لەڕێگەی وەزارەتە تایبەتمەندەکانەوە پلانی هەبێت بۆ دواڕۆژی منداڵ و هەر هیچ نەبێت لە دایەنگە و باخچەی ساوایان و قۆناغەکانی سەرەتای خوێندنەوە هەموو پێداویستییەکی پەروەردەییان بۆ دابین بکات و بە مافەکانی خۆیان ئاشنایان بکات.لەمەش زیاتر دەبێ حکومەت رۆڵی خۆی هەبێت و هەنگاوی جددی بۆ منداڵانیش هەڵبگرێ، وەك چۆن لە پرسی ژنان بەڕێوەبەرایەتیەکی بۆ داکۆکیکردن لە مافی ژنان و نەهێشتنی توندوتیژی دروستکردووە، بە هەمان شێوە دەستگایەکی تایبەتی و حکوومی تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی هەموو مافەکانی منداڵانیش بپارێزرێن»،

**نەبوونی یاسای تایبەت بەپاراستنی مافەکانی منداڵ گەورەترین کێشەیە**

محەممەد مەجید رواندزی سەرۆکی تۆڕی بەرگری لە مافی منداڵانی کوردستان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕەوشی منداڵانی کوردستان لە ساڵانی پێش ٢٠٠٣ تا ئێستا «بەرەوپێشەوە چووە، بەڵام هێشتا منداڵانی کوردستان بەدەست چەندین کێشەوگرفتەوە دەناڵێنن، بەتایبەت لە بواری پەروەردە و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و تەندروستی».

سەرۆکی تۆڕی بەرگری لە مافی منداڵانی کوردستان باسی لەوەشکرد، ئێستا دوو پڕۆژەیاسای پاراستنی منداڵانی کوردستان ئامادە کراون، کە یەکێکیان لەلایەن ڕێکخراوی یونسێف و وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و ئەوەی تریان لەلایەن ١٠ئەندام پەرلەمانەوە ئامادەکراوە، گوتیشی «ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکرێ ئەو دوویاسایە بکرێتە یاسایەکی پوخت وپێشکەوتوو بۆدەسبەرکردنی مافەکانی منداڵان لە کوردستان.

محەمەد مەجید ئەوەشی دووپات کردەوە کە وەکو تۆڕی بەرگری لەمافی منداڵان لە هەرێمی کوردستان هەمیشە هەوڵیان داوە لەڕێگەی یاداشت و بەیاننامە و کار و چالاکییەکانیان لەسەرتاسەری کوردستان داواکارییەکانی منداڵانی کوردستان بگەیەننە لایەنی پەیوەندیدار و گوتیشی «ئێستا کار لەسەر ئامادەکردنی راپۆرتێك دەکەین سەبارەت بە بارودۆخی رەوشی منداڵان لە کوردستان و دوای تەواوبونی لە پرێس کۆنفراسێك رایدەگەیەنین و پێشکەشی لایەنە پەیوەندیدارەکانیشی دەکەین».

**لە جیهاندا ڕۆژانە پترلە ٢٦هەزار منداڵی تەمەنی خوار پێنج ساڵ دەمرن**

ڕۆژانە پتر لە ٢٦هەزار منداڵی تەمەنی خوار پێنج ساڵ لە جیهان دەمرن، کە هۆکاری مردنەکەیان نەخۆشییەو دەکرێت زۆر لەو نەخۆشیانە چارەسەر بکرێت.

ئاماری مردنی منداڵان لە ٢٠ ملیۆن کەسەوە لە ساڵی ١٩٦٠ بۆ ٩,٧ ملیۆن منداڵ لە ساڵی ٢٠٠٦ دابەزیوە. هەر لەو ساڵەدا ٨٠٪ی مردنی منداڵان لە وڵاتانی بیابانی ئەفریقا و باشووری ئاسیا بووە. لە ساڵی ١٩٩٠ ڕێژەی مردنی منداڵان لە ٦١ وڵاتی دنیادا تا ٥٠٪ دابەزی.

لە کۆی ١٩١ وڵات کە ئاماریان هەیە، ١٢٩ وڵات هەوڵی چەسپاندنی مافەکانی منداڵ دەدەن. مەترسی مردنی ئافرەتی دووگیانی ژێر تەمەنی ١٥ ساڵ لەکاتی منداڵبووندا ٦٠٪ زیاتر لەو ئافرەتی سەرووی تەمەن ١٩ ساڵ.

یاساناس هێڤی جۆلا:

**لەبری ئەوەی بۆ منداڵێکی پێخاوس فرمێسک بڕێژین با بەهەموومان جووتێک پێڵاوی بۆ بکڕین**

رزگار کۆچەر:

**پێویستە دەسگایەک بۆ پاراستنی مافەکانی منداڵان تەرخان بکرێت**

گوڵان – کۆمەڵایەتی



# لە هەرێمی کوردستان خوێندنەوەی جیاواز بۆ یاسای لەشفرۆشی دەکرێت

بەپێی ئەوەی لە هەرێمی کوردستان لەشفرۆشی حاڵەتی دەگمەنە و نەبۆتە دیاردە، پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی تایبەتی بۆ دانەناوە، بەڵام کار بە یاسای عێراقی ژمارە ٨ ی ساڵی ١٩٨٨ دەکرێت کە تایبەت بووە بەو دیاردەیە لە ئاستی عێراقدا، دوای تێپەڕبوونی ٢٢ ساڵ بەسەر دەرچوونی ئەو یاسایەدا، کۆمەڵێ لە پەرلەمانتارانی کوردستان بەمەبەستی هەموارکردنی چەند بڕگەیەکی ئەو یاسایە پڕۆژەیەکیان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، کەچی لەدانیشتنی ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/٢٧ پەرلەمانی کوردستاندا ئەو پڕۆژەیاسایە لەلایەن هەردوو لێژنەی یاسایی و ئەوقاف ڕەتکرایەوە.

**یاساکە لەسەر پیاو جێبەجێ نەکراوە**

د. موئەیەد ئیسماعیل جەرجیس پسپۆڕی کەسایەتی دروستی دەروونی، لە دەستپێکی قسەکانیدا بۆ گوڵان تیشکدەخاتە سەر ڕۆڵی ئەرێنی یاسا و هێما بۆ ئەوە دەکات کە کارەکانی ڕۆژانەی هاوولاتیان بە یاسا ڕێکدەخرێت، بۆیە بە پێویستی دەزانێت یاسا سەروەر بێت و لەسەر هەردوو رەگەز بە یەکسانی جێبەجێ بکرێت، سەبارەت بە یاسای لەشفرۆشیش دەڵێت «پیاو هەیە ئەو کارە بە ژنەکەی خۆی دەکات، ئێمە چۆن دەتوانین ڕێگە لەم پیاوە بگرین، ئەگەر یاسایەك نەبێت ڕۆژانە چەندین ئافرەت بە دەستی مێرد و کەسوکار یان بەڕێوەبەری کاریان دەچەوسێندرێنەوەو تەنانەت تووشی لادانی ئەخلاقیشیان دەکەن، لێرە کەموکورتییەکە لە دەستەی جێبەجێکارە، جگە لەوەی هەموو وەزارەتەکان لێی بەرپرسن بە تایبەتی وەزارەتی داد و وەزارەتی ئەوقاف، نەك هەر سەبارەت بەم مەسەلەیە لە زۆربەی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان یاسا ئەوەندی لەسەر ئافرەت جێبەجێکراوە لەسەر پیاو جێبەجێ نەکراوە، لە کاتێکدا ئافرەتی کورد لە هەلومەرجی ئێستادا هۆشیارترە و زیاتر تێکەڵی بوارەکانی ژیان دەبێت، بەڵام هێشتا ژمارەکەی کەمترە لە چاو پێویستی کۆمەڵگە بۆ هۆشیاری ئافرەت، کە ئافرەت هۆشیار بوو، کەمتر ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە، زۆرجار بەهۆی چاوبەستکردنی ئافرەتەکە قەناعەتی بە واقیعێکی تاڵ هێناوە کە لەگەڵ کەرامەتی مرۆڤایەتی ناگونجێت، بۆیە خۆرزگارکردن لە هەموو کۆت و بەندەکان بڕوابەخۆبوون دروست دەکات و وادەکات ئەو ئافرەتە لە هەموو ڕووبەڕووبوونەوەکان لە ناو کۆمەڵگە و دامودەزگە و خێزاندا ئەکتیڤ و کارامە بێت».

**دیاردەی لەشفرۆشیمان نییە تاوەکو یاسای بۆ دابنێین**

زۆرجار دەنگۆی ئەوە بڵاو دەکرێتەوە کە لەشفرۆش و لەشکڕ لە هۆتێلە گەورەکانی هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، بەڵام خاوەن هۆتێلەکان ئەوە رەتدەکەنەوە و بە «پڕوپاگەندەی نەیارانی» هەژمار دەکەن.

هیلال عیزەدین بەڕێوەبەری ئوتێلی هەولێری نێودەوڵەتی کە ئەو هۆتێلە بە (شیراتۆن) ناسراوە، دەڵێت «ئافرەتی کورد لە دێر زەمانەوە دایك و هاوسەرێکی زەحمەتکێش و خۆبەختکەربووە، دەتوانم بڵێم ٩٩٪ ی ئافرەتی کورد پاکن، بۆیە دەرکردنی یاسایەکی لە مجۆرە لە کوردستان زوڵمێکی گەورەیە دەرهەق بە ئافرەتی کورد دەکرێ، چونکە تێکڕای ئەوانەی لە کوردستان کاری لەشفرۆشی دەکەن ئافرەتی بیانین واتا هاوردەن».

ئەو خاوەن هوتێلە هێمای بۆ ئەوەش کرد کە «زۆربەی ئەوانەی کاری لەشفرۆشی دەکەن، ئافرەتی بیانین و هاوولاتی هەرێمی کوردستان نین»، گوتیشی «زۆربوونی ئەو حاڵەتەش بەڕای من بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە، کە بریتین لە پەروەردەی نادروستی ناو خێزان و خراپی بارودۆخی ئابووری، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە ئوتێل و شوێنە گشتییەکان هیچ ئافرەتێکی کوردمان نییە لەشفرۆشی بکات. ئەوەشی وا باسی ئافرەتی کورد دەکات، تەنیا پڕوپاگەندەیە و نەیاری کوردستانە».

**شکۆی ئافرەت دەخاتە بەر بەرداشی بێڕەحمی**


هۆشمەند چالاکوانی ڕاگەیاندنکارەو سەبارەت بە هەمان پرس بەمجۆرە ڕای خۆی خستەڕوو «باسکردن لە گەڵاڵەکردن، یان هەموارکردنەوەی یاسایەکی کۆنی دەوڵەتی عێراق سەبارەت بە لەشفرۆشی و بە بیانووی ئەوەی گوایە دەبێتە چەکێکی یاسایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی لەشفرۆشی، بەدیدی من لەیەکەم هەنگاویدا گورزێکی گورچکبڕ دەبێت و شکۆی ئافرەت و مێیینەکانی کوردستان دەخاتە بەر بەرداشی بێڕەحمی هەندێك خەڵك کە هەر لەخواخوای ئەوەیانە بابەتێکی لەمجۆرەیان بۆبخرێتە سەر خوانی تانەو تەشەرلێدان!

لەراستیدا قسەکردن لەوەی کە لەڕێگەی ئەو یاسایەوە لەشکڕ و لەشفرۆش سزابدرێن و وەك دەڵێن لە بەرامبەر یاسادا یەکسان بکرێن، جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، ئاخر لەلایەك ئەوەی پێی دەگوترێت لەشفرۆشی یان لەشکڕی، ئەگەر لە ڕوانگە کۆمەڵایەتی و ئایینیەکەیەوە خوێندنەوەی جیاجیا هەڵبگرێت، ئەوا لە دیوەکەی تری کە پەیوەندی بە ئازادییە کەسییەکانەوە هەیە کارێکە ئەگەر بەئاشکراش نەکرێت، ئەوا هێز نییە بتوانێت ڕێگە لە بەنهێنی کردنی یان لەڕێگە قاچاغەکەی بگرێت، بەکورتی فرۆشیار و کڕیار دەتوانن دوور لەچاوی خەڵك ئەو کارەبکەن، نموونەی بەرجەستەو زیندووش کەم نین و دەیان و جار لە ڕۆژنامەو ماڵپەڕەکاندا بابەت و بەدواداچوون لەو بارەیەوە نووسراوە و بڵاوکراونەتەوە، کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی ئێمە کە بەهۆی جۆری کەلتوورەکەیەوە تووشی چەپاندنی سێکس هاتووە، بێگومان بۆ خاڵیکردنەوەی ئەو غەریزەیە تاکەکان پەنایان بۆ زۆر ڕێگەی خۆخاڵیکردنەوە بردووە، بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشبەختییە تا ئێستاشی لەگەڵدابێت، لەشفرۆشی نەبۆتە دیاردەیەکی باو و ئەوانەی ئەو کارەش دەکەن زۆرینەی هەرە زۆریان خەڵکی دەرەوەی هەرێمن، بەڵام ئەوەش لەلایەکی ترەوە پەتایەکی ماڵوێرانکارەو بە دیدی من ئەم لایەنەیان پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەی خێرا هەیە، نەك یەکسانکردنی لەشفرۆش و لەشکڕ لەبەردەم یاساداو سزادانیان، دەکرێت لەجیاتی سزادان و تێلا بارانکردنیان بەیاسایەك خودی کارەکە ڕێك بخرێت و کەسانی لەشفرۆش لەلایەن دامەزراوەی تایبەتی



پەرلەمانتار هاژە سلێمان:

**نابێت پیاوانی بازرگانی لەشفرۆشی نەگیرێن و تەنیا ئافرەتەکان تووشی گرتن و سزادان ببن**



د. موئەیەد ئیسماعیل:

**زۆرجار بەهۆی چاوبەستکردنی ئافرەت قەناعەتی بە واقیعێکی تاڵ هێناوە کە لەگەڵ کەرامەتی مرۆڤایەتی ناگونجێت**

تەندروســـتی و ئاسایشیەکان دیارو ناسراوبن، ئەمەش بۆ ئەوەی چاودێری ئەو کەسانە بکرێت کە دووچاری نەخۆشی هاتوون و مەترسین بۆسەر کەسانی لەشکر، وەك ئەوەی لە زۆربـــەی وڵاتانی دنیادا ئەم ڕێگەیە کاری پێدەکرێـــت، دەبێ ئەوەش بگوترێت زۆر یاســـا و کاری گرنگتـــر هـــەن کە پەرلەمانی کوردســـتان کاریان لەسەر بکات، لەهەمووشی گرنگتر ئێمەمانان ئەوەندەی گرفتـــاری جێبەجێنەکردنی یاســـاکانین، ئەوەندە گرفتاری نەبوونی یاسا نین».

**زۆرینەی لیژنەی مافی ئافرەت لە پەرلەمان لەگەڵ ڕەتکردنەوەی یاساکەن**

پەرلەمانتار هاژە سلێمان، جێگری سەرۆکی لیژنەی مافی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە یاســـای لەشفرۆشـــی و تاوتوێکردنی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت «ئێمە وەکو لیژنە گفتوگۆمان لەسەر هەمەوارکردنەوەی یاســـاکە کرد، تەنانەت زۆرینەمان لەگـــەڵ ڕەتکردنـــەوەی یاســـاکەبووین، چونکە لە کوردستاندا چەند حاڵەتێکی کەم هەیە و نەبۆتە دیاردە، بەڵام هەندێ شـــت هەبوو گفتوگۆمان لەسەر کرد، بـــۆ نموونە ئەو پیاوانەی کە بازرگانییان پێوە دەکەن، ئەوان بەرپرســـیارن، بەڵام بەپێی یاســـا بەرکارەکانی هەرێم ئەو کەســـانە ناگیرێن تەنیا ئافرەتەکان تووشی گرتن و سزادان دەبن، وەکو لیژنە چەندینجار سەردانی چاکســـازییەکانمان کردووە، ئافرەتی لەوجۆرە هەبووە کە لـــەدەرەوەی کوردســـتان هێنراون بـــۆ بازرگانی پێوەکردنیان، من پێموایە کوردســـتان پێویســـتی بە یاســـایەکی تایبەت نییە، چونکە یاسای بەرکارمان هەیە و کاری پێدەکرێ کە یاسای عێراقییە، ئێمەش هەوڵمانـــداوە یەك دوو بڕگـــەی بگۆڕین، بۆ ئەوەی ڕێگـــری بکەین لە هێنانی ئافرەت لە ناوەڕاســـت و خوارووی عێراق بۆ بازرگانـــی پێوە کردنیان». ئەو پەرلەمانتارە ئەوەشـــی خســـتەڕوو کە دوای ئەوەی جـــاری پێشـــوو پرۆژەیاســـای هەموارکردنـــەوە لە پەرلەمانی کوردستان ڕەتکرایەوە، ئێستا جارێکی دی ئەو پرۆژەیە بە هەمان شـــێوەی پێشوو بە مەبەستی هەموارکردنـــەوە هاتۆتـــەوە پەرلەمـــان، «بەهۆی ســـەرقاڵی »یەوە هێشتا گفتوگۆیان لەسەر نەکردووە، گوتیشـــی «هەوڵەکانی ئێمە بۆ ئەوەیە کە ڕێگری بکەین لەوەی کە خەڵکێکی بێگوناه بازرگانییان پێوە دەکرێ، زۆرجاریش لێرە و لـــەوێ لە ڕاگەیاندنەکان باس لەوە دەکرێ کە لە کوردستاندا ماڵی لەشفرۆشی هەیە، من پێموایە ئەگەر ماڵی لەشفرۆشـــی هەبێت، پێویستە یاساش هەبێت، چونکە جۆرێك لە مەترسی بۆ سەر تەندروستی گشتی دروست دەکەن».



هۆشمەند چەکوانی:

**ئەوەندەی گرفتاری جێبەجێنەکردنی یاساکانین، ئەوەندە گرفتاری نەبوونی یاسا نین**

# بەدبەختی و بەختەوەری

ئێمە پەی بە بەختەوەری نابەین، ئەوە بەختەوەرییە دەماندۆزێتـــەوە، ڕەنگـــە بەدبەختـــی بێت وامان لێبکات بەدوای بەختەوەریدا بگەڕێین، لەهەموو جارێکیشـــدا ئێمە بـــە ڕێکەوتیـــش بەختەوەری نادۆزینـــەوە، بەختـــەوەری خۆی بـــە ڕێکەوت دێتە ســـەر ڕێگەمان و بانگمـــان دەکات. تەواو بەپێچەوانەی بەدبەختییـــەوە کە بەردەوام راومان دەنێت و بە قولاپێکی نەبینراو راومان دەکات و بە کوشتنی چرکەکانی بەختەوەریمان سوێ دەکاتە دڵمانەوە.

تەنانەت هەتا ئێســـتا نەمانتوانیوە پێناســـەیەکی گونجاو بۆ هەردوو حاڵەتی بەختەوەری و بەدبەختی دارێژیـــن، لەبەر ئەوەی هەر یـــەک لە ئێمە بە چاوێکی جیـــاواز و لە گۆشـــەیەکی جیاوازەوە بەختـــەوەری دەبینیـــن و بە پێوەرە جیـــاوازەکان دەیانپێوین و، بە پێی ئاستی رۆشنبیری و دنیابینی و ژینگەی پەروەردەیی و ئایینی و کۆمەڵایەتی سیماکانی بەختەوەری دەستنیشان دەکەین و هەر بەو پێیەش بەدبەختی دەناسینەوە.

لەگەڵ ســـەرهەڵدانی مرۆڤایەتی، ئادەمیزاد لە گەڕانێکی دانەبڕاودایـــە بەدوای بەختەوەریدا و، هەتا ئێســـتا درێژەی هەیە و هـــەر بەردەوامیش دەبێت. هەڵگرانی بیری ئایینی دەیبەســـتنەوە بە دینداری و تـــرس لە خودا، هەروەک لە قورئاندا هاتووە: «**ألا بِذِكْـرِ اللَّهِ تَطْمَئِـنُّ الْقُلُوبُ**»، ئەمەش وەکـــو ئاماژەیەک دەبینـــی کە هەتا ئادەمیزاد لە دینداری دوورکەوێتەوە لە بەختەوەری دووردەکەوێتەوە.

هەردوو بەختـــەوەری و بەدبەختی دوو بیرۆکەی پۆزەتیـــف و نێگەتیڤن، هەڵبەتە وەکو ئارســـەر شۆبنهاوەری خاوەنی کتێبی «العالم فكره وارده» و، خاوەنی فەلســـەفەی ڕەشبینی قسە ناکەم کە باوەڕی بەوەیە ژیان بریتییە لە کۆمەڵێ شـــەڕی سروشتی و بوونەوەری و دەڵێت: شەڕ و بەدبەختی کرۆکی ژیانـــن، بەڵکـــو واقیعبینانـــە دەڵێم: بەختەوەری لە شوێنێکە و ئێمە لە شوێنێکی دیکە



ڤینۆس فایەق

تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

بۆی دەگەڕێین، لە کاتێکدا بەهەموو توانایەکمانەوە خۆمان لە بەدبەختی لادەدەین، کە لە راستیدا خۆمانین بەدوای بەدبەختیەوەین و چێژیشی لێدەبینین بۆیە بەردەوام یەخەمان دەگرێت و پێمان دەڵێت: ژیان هەمووی بەدبەختیە و ئێمە دەبێت مانایەکی پێببەخشین هەتا دەگەین بە بەختەوەری.

بەختەوەری ناچێتە ژێرخانەی هیچ چەمکێکی فەلسەفیەوە، بەڵام هەتا ئێستا مرۆڤ پەی بەوە نەبردووە کە بەدبەختی و بەختەوەری هاوتەریبی یەکتر لەپەنامان، بەڵام بەدبەختی ئاسانتر زەفەرمان پێدەبات، چونکە بەدبەختی لە بەختەوەری چالاکتر و پۆزەتیفترە.

فارابی دەڵێت: بەختەوەری ئەو ئامانجەیە کە هەموومان بۆی پەرۆشین، هەمووشمان وادەزانین بەختەوەری دوا پلەکانی کەماڵە. ئەرستۆش دەڵێت: گشتی خەڵک بە زاناکانیشیەوە هەموو کۆکن لەسەر ئەوەی بەختەوەری باڵاترین ئامانجە کە هەوڵی بۆ دەدەین، بەڵام راکان لێکجیاواز دەبن کە دەگەنە ئەوەی سروشتی بەختەوەری دەستنیشان بکەن.

کە قسە لەسەر بەختەوەری دەکەین تەحسیڵ حاسڵ قسەکان دەمانبانەوە بۆ بەدبەختی، چونکە وەختێك نەزانین سروشتی بەختەوەری دەستنیشان بکەین ناتوانین سەرچاوەی بەدبەختییەکانمان بدۆزینەوە.

ئەگەرچی زۆر لە بیرمەند و فەیلەسوفەکان بەختەوەری دەبەستنەوە بە چەمکی ئەخلاق و چاکە و خراپەکاری (فضیلة و رذیلة)، هەروەک سیبەوەیە باوەڕی وایە کە بەختەوەری لەسەر کەمالی تیۆری و عەمەلی وەستاوە، بەواتای ئەوەی کارەکانمان دەبێت دەقاودەقی یان کاردانەوەی چاکە و سیفەتە ئەخلاقییەکانمان بێت. ئەمەش پێویستی بە تێکەڵبوونە لەگەڵ کۆمەڵدا، چونکە چوارچێوە و سیما ئەخلاقیەکانمان لەناو کۆمەڵدا دەردەکەوێت. بەم مانایەش ئەگەر کۆمەڵ لە ئەخلاقمان رازیبوون ئەوا ئێمە دەبێت بەختەوەربین، ئەگەر نا ئەوا بەدبەختین.

دواجار زۆربەمان ئەگەر هەموو ئێلێمێنتەکانی بەختەوەریش لەدەورمان هەبن کەچی هەستی پێناکەین، بەڵام وەختێ ئاماژەیەکی بەدبەختی روودەدات هەرزوو هەستی پێدەکەین، ئاخر ئادەمیزاد بە سروشت زیاتر هەست بە بەدبەختی ئەکات وەکوو لە بەختەوەری. وەکو ئەو ژنەی کە گەڕەکا و گەڕەک دەگەڕا بەدوای تەعزێیەکا بۆ ئەوەی کەمێک بۆ کوڕە شەهیدەکەی بگری، کەچی هەرگیز نەدەگەڕا بۆ بۆنەیەکی خۆش کارەساتی شەهیدبوونی کوڕەکەی بیربەرێتەوە.

لە ئەوروپا کە کەسێک کەسێکی نزیکی بە مردن لەدەست دەدات و نەتوانێت بە ئاسایی و بەختەوەری درێژە بە ژیانی بدات، ئەوا رێکخراوی تایبەت هەیە کە کۆرس رێکدەخەن بۆ ئەو کەسانە بۆ ئەوەی ئاشنایان بە هەموو مانا و سروشتی بەختەوەری بکەنەوە و فێری دەکەن جارێکی دیکە گەشبینانە لەگەڵ ژیان بگونجێتەوە. لەمبارەیەوە شۆبنهاوەر دەڵێت: ئێمە کە ئازارمان دەبێت هەستی پێدەکەین، بەڵام کە ئازارەکە نامێنێت باوەڕی پێناکەین و قبوڵی ناکەین. بۆیە بەختەوەری نیگەتیڤە و بەدبەختی پۆزەتیڤە.

میللەتی کورد یەک لەو میللەتانەیە کە عاشقی بەدبەختییە، دەبینیت لەگەڵ هەموو رووداو و هەڵوێستێکدا لایەنێکی نێگەتیڤ دەدۆزێتەوە و، زیاتر مردووپەرستە وەک لە زیندوو، هێندەی یادی مردووەکان دەکاتەوە هێندە ستایش و خەڵاتی ئەوانە ناکات کە لە ژیاندان، هێندەی ناوی شەهیدەکان دەداتە شەقام و خوێندنگا و دەزگا و ڤیستیڤاڵ و بۆنەکان، هێندە ناوی دڵخۆشکەر دانانێت.

تەنانەت ئەگەر لە رەنگی جلوبەرگی زۆربەی ژن و کچان بڕوانیت دەبینیت ئەوەی دووبارە دەبێتەوە رەنگی رەش یان تەڵخە. ئەمە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە بەختەوەری و بەدبەختی دوو حاڵەتی تاکەکەسی نین، دوو حاڵەتی بەکۆمەڵیشن و تەنانەت دەبنە بەشێک لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگا و کەلتوورەکان.